به دواداچوون



موعتەسەم ساڵەیی

# وێنەی شیعری و شیعری کۆنکریتی



وێنە شیعر لە
نێو هزری
خوێنەر
دروست
دەبێت، کەچی
شیعری وێنەیی
لەسەر کاغەز بە
وێنە دەردەبڕێت


نالی

له ژماره ۷۰ی کۆواری نەوشـەفـەقدا برای بەڕێز کـاک سـابیـر رەشـیـد بابەتێکی بە ناوونیـشـانی "چیـرۆک و شـیـعـری وێنەیی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا" بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا دەڵێت: "بەداخـەوە هەندێک کەس جیاوازی لە نێوان شیعری وێنەیی و وێنەی شیـعریدا ناکەن و لێکتری جیا ناکەنەوە، کە ئەوەی دووەمـیـان هـەر شـیـعـرە، بەڵام شـاعـیرەکە لە نێو شـیـعرێکیـدا چەندین وێنەی جـوان دروست دەکات و تێکەڵ دەقی شـیـعرەکەی دەکات. واتـە وێنە شـیـعر لە نێو هزری خوێنەر دروست دەبێت، کـەچی شیعری وێنەیی لەسـەر کاغەز بە وێنـە دەردەبڕێت ". نووسـەر بۆ ئەم مـەبەسـتـە چەندین نموونەی چەند شـاعـیرێکیـشـی هێناوەتەوە و لەبارەیانەوە دوواوە. ئەم بابەتەی نووسـەر پاڵـی پێوەنام کە منیش لە ئاستی خۆمـەوە درێژە بەم بابەتە بدەم و چەند خاڵێک لەبارەیەوە دەسـتنیشان بکەم. کـاتی خۆیـشی لە ڕێکەوتـی حـەوتی مـانگی ئازاری سـاڵی ۱۹۹۲ دا بابەتێکم بە ناوی "شیعری رەنگدار و شیعری کۆنکریتی" یەوە لە رۆژنامەی هاوکاریدا لە شاری بەغدا بڵاو کردووەتەوە. لە سەرەتادا وەها پێویست دەکات کـە هەندێک لە بارەی وێنەی شـیـعرییـەوە بدوێین، ئەویش لەبەرئەوەی کـە ئەم رەگـەزە بە رادەیەکی زۆر شـیـعـر بەرەو دەوڵەمـەندی دەبات و وەهـا دەکـات کـە بەئاسـانـی و سـاناییـیـەوە خـۆی لە دڵ و دەروونی خـوێنەردا جـێگیـر بکات، داخی گـرانم لەم رۆژگـارەمـاندا وێنەی شیـعریی کاریگەر لە شیعری کوردیی هاوچەرخدا بە رادەیەکی زۆر پاشـەکشـەی کردووە. هـەندێک جـار ئەگـەر هـەڵبـەستێکی هـاوچەرخی کوردی لە سـەرەوە و بۆ خـوارەوە بخـوێنیتـەوە یاخۆ لە کۆتایی و لە خـوارەوە بۆ سـەرەوە دەسـت پێ بکەیت و هـەڵبـەستـەکە بخـوێنیتـەوە، ئەوا هیچ شـتێک لە مـەسـەلەکە ناگـۆڕێت و هـەروەکـو یەک وەهـایە. هـەندێک جاری تریش جـۆرە شیعرێک بڵاو دەکرێنەوە کـە لە مـەتەڵ و حـیکایەتـی کـورت و کـورتیلە چیـرۆکـەوە نزیکن زیاتر لە شـیـعـر و هـەڵبـەست؟ شـاعـیـری جیـهـانی ناسـراو "ئەزرا پاوەند " دەڵێت: «بە درێژاییی ژیانت یەک وێنە شـیعری پێشکێش بکەیت، لەوە باشـترە

که چەندین کتێب بهێنیته بەرهەم»[١]

لە سەردەمی گریکی کۆندا هەردوو فەیلەسووف "ئەفلاتون" و "ئەرستۆ" بایەخی تەواویان بە رەوانبێژی و وێنەی شیعری دەدا و لەبارەیانەوە نووسیویانە. پاشتریش "هۆراس" لە کتێبی "هونەری شیعر"دا باسی ئەم لایەنە گرینگەی کردووە. لەلای خۆمانیش چەند مامۆستایەک نووسینیان لەبارەی رەوانبێژی و وێنەی شیعرییەوە هەیە وەکو "عەلائەدین سجادی " و " عەزیز گەردی " و " دوکتۆر کامیل بەسیر " و "عەبدولرەزاق بیمار". لە بواری رەوانبێژیدا هەردەم وێنەی شیعری دەچێتە خانەی خوازەوە "مجاز – metaphore".. «مەجاز یاخۆ خوازە رەگەزێکە و چەندین بابەت دەگرێتە خۆی. وەکو خواستن "استعارە" و زیادەڕۆیی و نیشان و درکە و لێکچوواندن و ئاوەڵواتا و نوواندن و چەندینێکی تر کە لە پێناوی واتایەکی مەبەستداردا لە رواڵەتی راستەقینە لادەدەن»[٢]


مەولەوی

لێکچوواندن لە هەڵبەستدا کاتێک دێتە ئاراوە ئەگەر ئامرازی «وەک، چوون، دەڵێی، بەچەشنی، بەوێنەی» مان بەکارهێنا. ئەوەتا شاعیرمان کامەران موکری بە سەرکەوتووییەوە لێکچوواندنی بۆ وەسف بەکارهێناوە و دەڵێت:

**روومەتی وەک گوڵی بێگەرد**
**قژی خاو، ئاوریشمێکی زەرد**
**چاوی کاڵە، ئەگەرچی نەرمە**
**بەڵام نیگای ئێجگار گەرمە**

یاخۆ تاهیر بەگی جاف تێکئاڵانی خۆی و یارەکەی بە پەلکە زێڕینە تەشبیە دەکات و دەڵێ:

**هەروەکو قەوس و قەزەح با دەست لە گەردن دانیشین**
**تۆ بە سوخمەی ئاڵ و سەوز و من بە رەنگی زەردەوە**

لە بواری رەوانبێژی و خوازەدا رەگەزێکی گرینگی تریشمان هەیە کە پێی دەوترێت "خواستن – استعارە " لە ڕێی خواستن و


گۆران

ئیستعارەوە شاعیر دەتوانێت بەهۆی پێوەندییەکەوە دوو جیاواز و دوو دیاردەی دوور، لە یەکتریان نزیک بکاتەوە یاخۆ جووتیان بکات. هەروەکو ئەوەی کە دەڵێن "پێی کورسییەکە" و "سەری چراکە " و" ملی شووشەکە" لێرەدا مەبەست لەم قسانەدا جووتکردنی ئەو بێ گیانانەیە لەگەڵ مرۆڤ و گیانلەبەراندا. مەولەوی لە هەڵبەستێکیدا گوڵ دەشوبهێنێت بە خۆشەویستەکەی و بەفراوی چیاکانیش بە خوڕەی چاوی خۆی دەشوبهێنێت و دەڵێ:

**گوڵ چوون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان**

**بەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان**

هەر لە کۆنەوە هەردەم شاعیرانی کورد گرینگییان بە وێنەی شیعری داوە، بەڵام هەردوو شاعیری کورد "مەولەوی " و " گۆران" سەرقافڵەن لەم رووەوە. ئەوەتا گۆران چەند تابلۆیەکی قەشەنگمان بە وشە بۆ دەکێشێت وەکو ئەوەی دەڵێت:

**گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە**

**کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە**

یاخۆ کە دەڵێ:

**ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل**

**کزکز ئەتکێتە ناو بەفری سەرکەل**

لە بواری رەوانبێژیدا رەگەزی رەمز و هێمایش هەیە کە زۆربەی خەڵکی پێی دەزانن. وەکو ئەوەی بەهار هێمایە بۆ سەوزی و جوانی و سەرەتای ژیان. یاخۆ پایز و خەزان رەمز و هێمایە بۆ گەڵاڕێزان و پیری و کۆتاییی ژیان. هەروەها کۆتری سپی و چڵەزەیتوون رەمز و هێمان بۆ ئاشتی و ئاسایش لە ژیاندا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی "١٩١٦-١٩٢٢" دا بزوتنەوەی دادایزم لە وڵاتانی رۆژئاوادا هاتە کایەوە و لە پاشاندا لە وڵاتی فەرەنسادا بە سەختی خۆی نوواند. رێبازی دادایزم وەک هاوار و قیژەیەک وەهابوو بە رووی شارستانیەتی وێران و رووخاوی پاش


کامەران موکری

جەنگی یەکەمی جیهانی. لەسەر دەستی دادایستەکاندا هاوکاری و هەرەوەزی و هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان وێنە و شیعر و هەڵبەستدا پەیدابوو. چەندین هونەرمەندی ناسراوی ئەو سەردەمە شیعریان هۆنییەوە وەکو: هانز ئارب و کاندینسکی و پێکاسۆ و بیکابیا و مارسیل دوشان.. هەروەها چەندین شاعیر کەوتنە وێنە کێشان وەکو: مایاکۆڤسکی و پۆل ئێلوارو ئەندرێ بریتون و جان کۆکتۆ و جاک برێڤێر.. هەروەها مۆسیقازانی نەمساوی "ئارنۆڵد شۆنبرگ " وێنەی کێشا و چەندین پێشانگای کردەوە. یاخۆ مۆسیقازانی ناسراو "ستراڤنسگی" پۆرتریتێکی نایابی بۆ روخساری پێکاسۆ کێشا(٣).

کاندینسکی لە هەمووان پەرۆشتر بوو بۆ تووانەوەی هونەری شێوەکاری و مۆسیقا و شیعر و ئەدەبیات لە نێو کاسەیەکدا. پێشتریش لە سەدەی نۆزدەمدا رامبۆی شاعیری هیماخوازی، جاڕی بۆ ئاوێتەبوونی وشە و رەنگ و وێنە و بۆن دەدا و لە شیعرێکیدا دەڵێت:

دەنگ و رەنگ و بۆ لە نێوان خۆیاندا دەسازێن(٤).

لەلای خۆمانیش گۆرانی شاعیر خوازیاری هەمان شت بوو کە دەیگوت:

**ئەی لامیسە ئەگەرچی نەبوو: دەنگ و رەنگ و بۆ**
**وەک شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ**

ئەگەر رووی خۆمان بەرەو مێژووی ئەدەب وەرگێڕا دەبینین "داڤینشی" بە تەنیشتی وێنەکێشانەوە شیعریشی دەهۆنییەوە. هەروەها "ولیەم بلیک"ی شاعیر لە پێناوی کاریگەریەتی زیاتر، هەڵدەستا بە وێنەکێشانی بابەتی روونکەرەوەیی بە تەنیشتی ئەو هەڵبەستانەی کە خۆی لەسەر کاغەز لە چاپیانی دەدا. بەتایبەتی لە دیوانی "گۆرانییە بێ زەواڵەکان ١٧٨٩" و "گۆرانییەکانی ئەزموونکاری ١٧٩٤" یاخۆ ڤیکتۆر هێگۆ رۆماننووس و شاعیر و وێنەکێش بوو. شاعیرە دادایییەکان جۆرە شیعرێکی وێنەیی

بەرجەستەکراویان داهێنا کە بە شیعری کۆنکریتی ناودەبرێت con-crete poetry ئەو هەڵبەستانە بەشێوەی قەبارەی بەرجەستەکراوی بینراو وشەکانی ریز دەکران. بە پێی بۆچوونی شاعیرەکان وەهای دەگەیاند گوایە ئەو جۆرە شیعرە کۆنکریتییە بەرجەستە کراوانە بەربەست و سنووری نێوان میللەتانی جیهان دەبڕن و هەموو کەس دەتوانێت بەمەزەندە بیانخوێنێتەوە و تا رادەیەک لێیان تێ بگات. ئەمەیش گوایە دەبووە مایەی لێک نزیکبوونەوەی زیاتری میللەتان و گەلانی دەرچوو لە کارەساتە جەرگبڕەکانی جەنگ. لەگەڵ نەمان و بەسەرچوونی رێبازی دادایزم و سەرهەڵدانی رێبازی سوریالیزمدا، شیعری کۆنکریتیی بەرجەستەکراویش کۆتایی پێ هات. بەڵام لە کۆتاییی سالانی پەنجاکان و سەرەتای سالانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، بۆ جارێکی تریش شیعر و هەڵبەستی کۆنکریتی گیانی کەوتەوەبەر و نەش و نمای کرد و لە ولاتانی رۆژئاوادا بلاوبووەوە.(٥)

خۆشنووسە موسڵمانەکان بەختەتی توغرایی ئایەتی قورئانییان لە شێوەی گوڵ و بولبول و بابەتی بینراوی تردا دەنووسی

ئەوەی شایانی باسە شیعری بینراوی بەرجەستەکراو لە سەدەی سێی پێش زایینیدا لە دوورگەی رودس دەکەوێتە بەرچاو. هەروەها خۆشنووسە موسڵمانەکان بەختەتی توغرایی ئایەتی قورئانییان لە شێوەی گوڵ و بولبول و بابەتی بینراوی تردا دەنووسی. لە هەڵبەستی "وێنە" دا ئەپولینیر رێچکەیەکی نوێی گرتەبەر و هەڵبەستەکانی بەشێوەی وێنە دادەڕشت و وشەکانی لە قەوارەی دووکەڵی جگەرە و ملپێچ و سەعات و ئاوپرژێن و باراندا ریز دەکرد. ئەمەیش لە هەڵبەستی شاعیرانی یۆنان لە ئەسکەندەرییە دەچوو، کە لە شێوەی پەرستگا و هێلکە و بابەتی تر شیعرەکانیان دادەڕشت. هەندێک جار ئەپۆلینێر ئەم شێوازەی دەگرتەبەر و لەسەر نامەی بەرید بە ئەنجامیانی دەگەیاند و لە پێناوی گاڵتە و پێکەنیندا لە بەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ برادەرەکانی رەوانە دەکردن. پاشتریش بەهەمان شێوە ئەو شیعرانەی بەچاپ گەیاند.(٦)

شێوازی رووتەڵەکی "تجریدی" لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەک بە تەنیا لە بواری وێنەکێشاندا بڵاوبووەوە، بەڵکو ئەم شێوازە تازەیە پەلی بۆ نێو دنیای شیعر و هەڵبەستیش کێشا. لەساڵی ١٩٠٠دا نووسەری ئەڵمانی "شیربارت" هەڵبەستێکی رووتەڵەکیی ئەبستراکتی نووسی بە ناوونیشانی "گێڕانەوەیەک لەبارەی هێڵی ئاسنەوە، خۆشم دەوێیت " کە تێیدا هاتبوو:

**کیکا کوکو.!**

**ئیکورا لابس.!**

**فیزو کولیباندا ئوبولوزا..**

پێنج ساڵ بە دواوە شاعیرێکی ئەڵمانیی تر بە ناوی "کریستیان مورگنشترن " هەڵبەستێکی رووتەڵەکی دانا کە تێیدا هاتبوو:

**لالو لالو لالو لا.!**(٧)

داڤینشی" بە تەنیشتی وێنەکێشانەوە شیعریشی دەهۆنییەوە

لە شیعری عەرەبیشدا لە کۆندا جۆرە شیعرێک هەبووە کە پێیان گوتووە شیعری نەخشەکاری "تتریزی" ئەگەر یەکەم پیتی هەر بەیتێک لە سەرەوە بۆ خوارەوە بخوێنیتەوە مانایەک و وشەیەک دەگەیەنێت. هەروەک ئەم شیعرە عەرەبییەی خوارەوە، کە یەکەم پیتی هەر بەیتێک بگرین لە سەرەوە بۆ خوارەوە وشەی "رونق" پێک دەهێنن:

**ردديّ غـــوطة الشـــام نواحـــاً**

**نظمت لحنه النفـــوس الحـــواني**

**واسكبي يا عـيـون دمـعـاً سـخـيـاً**

**وأرثي غـــدر الأنســـان بالأنســـان**

**نعـــيش ونمضي الى غـــاية**

**يطول على الركب فـيـهـا السـفـر**

**قـــــوافل تـسـتن في أثـرهـا**

**قـــوافل تتـــبـــعـــهـــا في الأثر**(٨)

"نالی" ی شاعیرمان له شیعرێکیدا به سێ پیت وشەی "ماچ" پێک دەهێنێت و دەڵێ

**لەبت میم و قەدت ئەلف و زولفت چیم**

**دەزانی بەو سـیـانە تالبی چیم**

له کۆتاییدا سوپاسم بۆ کاک سابیر رەشید هەیە، کە هەندێک خاڵی لەلام درووژاند و وەهای لێ کردم ئەم بابەتە بنووسم. وەک بزانم کەم کەس خۆی لە قەرەی ئەم باسە داوە و منیش لێرەدا بە کورتی بە چەند روونکردنەوەیەک هەڵساوم و پێشکێشی کۆوارەکەمان و خوێنەرانی بەڕێزی دەکەم.

**پەراوێزەکان:**


١- الصورة الشعرية. سي. دي. لويس. و: د. احمد نصيف الجنابي و مالك ميري. وزارة الثقافة والأعلام. بغداد ١٩٨٢ص ٢٩.

٢- موسوعة المصطلح النقدي. المجاز الذهني. ك. ك. رفن. و: دكتور عبدالواحد لؤلؤة. وزارة الثقافة و الفنون. بغداد ١٩٧٨ ص ١٤.

٣- الدادائية بين الامس واليوم. على الشوك. وزارة الثقافة والأعلام العراقية. ص ١٣٦.

٤- سەرچاوەی پێشوو. ل ١١٤.

٥- مجلة الاقلام. بغداد مايس ١٩٨٢. الشعر الكونكريتي. ماري ألين سولت و: عدنان المبارك. ص ٩٩.

٦- التجربة الخلاقة. س. م. بورا. و: سلافة حجاوي وزارة الأعلام بغداد ١٩٧٧ ص ٧٥ _ ٧٦

٧- الدادائية بين الامس واليوم. ص ١٣٠.

٨- النقد التطبيقي التحليلي. عدنان خالد عبدالله. وزارة الثقافة والاعلام بغداد ١٩٨٦ ص ٤١.


ڤیکتۆر هێگۆ رۆماننووس و شاعیر و وێنەکێش بوو




S
A
LUT
M
O N
D E
DONT
JE SUIS
LA LAN
GUE É
LOQUEN
TE QUESA
BOUCHE
O PARIS
TIRE ET TIRERA
TOU JOURS
AUX A L
LEM ANDS

## The Crosse-Tree

*This Crosse-Tree here*
*Doth* JESUS *beare,*
*Who sweet'ned first,*
*The Death accurs't.*
Here all things ready are, make hast, make hast away;
For, long this work wil be, & very short this Day.
Why then, go on to act: Here's wonders to be done,
Before the last least sand of Thy ninth houre be run;
Or e're dark Clouds do dull, or dead the Mid-dayes Sun.
Act when Thou wilt,
Bloud will be spilt;
Pure Balm, that shall
Bring Health to All.
Why then, Begin
To powre first in
Some Drops of Wine,
In stead of Brine,
To search the Wound,
So long unsound:
And, when that's done,
Let Oyle, next, run,
To cure the Sore
Sinne made before.
And O! Deare Christ,
E'en as Thou di'st,
Look down, and see
Us weepe for Thee.
And tho (Love knows)
Thy dreadfull Woes
Wee cannot ease;
Yet doe Thou please,
Who Mercie art,
T'accept each Heart,
That gladly would
Helpe, if it could.
Meane while, let mee,
Beneath this Tree,
This Honour have,
To make my grave.

ROBERT HERRICK

## The Fan

Slowly, slowly
I unfold and Oh! what mysteries I behold:
with flowers and leaves my pattern
weaves and many creepers festoon
my trees. Beneath the amber wastes
of sky a loaded ox-cart trundles
by· the weary peasants wend
their way against the pale
of dying day Gently
now I close again,
l i k e w a v e s
r e c e d i n g
w h e n c e
they
c
a
m
e.

MALCOLM TIMPERLEY

## Easter Wings

Lord, who createdst man in wealth and store,
Though foolishly he lost the same,
Decaying more and more,
Till he became
Most poore:
With thee
O let me rise
As larks, harmoniously,
And sing this day thy victories:
Then shall the fall further the flight in me.
My tender age in sorrow did beginne:
And still with sicknesses and shame
Thou didst so punish sinne,
That I became
Most thinne.
With thee
Let me combine,
And feel this day thy victorie:
For, if I imp my wing on thine,
Affliction shall advance the flight in me.

GEORGE HERBERT